www.kurdistannet.org
28-5-2006 17:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ نازانی ... بەڵێن ڕەواندوزی

سوید

بۆ نا زانی ئاسۆی من هەورو تەمە
بن ساباتی دڵی من پڕ لەخەمە
ئەو خەمانەمافی تۆ نین بەشی خۆمن
تا کو مردن لێیان ئەخۆم هەر سێ ژەمە

بۆ نا زانی ڕێبوارێکم ڕێگا م سەختە
کەندو کۆسپ و بەستەلەکەلەناوەختە
ئەو ڕێگایەی من تیا کەوتووم تۆ بڕی ناکەی
ڕێگایەکی نەهامەتی منی بەد بەختە

بۆ نا زانی بەهاری من هەردەم ووشکە
بێ باران و باخم خونچەو گەڵای ووشکە
سەرچاوەو کانی، ئاوی سوێری چاوانە
لەتیشکی خۆرو مانگیش، هەروا بێ پشکە

بۆ نا زانی کەشتیەکەی من بێ ئاڵایە
لەنێو دەریا لەئامێزی شەپۆڵ دایە
زریان ئەیبا بەرەو گێژەلوولەی نادیار
سەدان بەستەی خەمی دڵی لەباردایە

بۆ نازانی ڕۆژگاری من گەلێ دوورە
ڕووناکی تیا بەدی ناکرێ هەردەم سوورە
ڕەنگی سووری ڕەنگ دانەوەی گڕی ئاگرە
لەسووتانی جەرگ و دڵ دا بێ سنوورە

bellen3@hotmail. com
2006. 3. 24
سوندسڤاڵ